# چارەسەر لە ناو عێراقە، نەک لە کۆنگرەیەکی ئەقلیمی، وەک ئەوەی بەغدا

فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ



ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، کۆنگرەیەکی ئەقلیمی لە بەغدای پایتەخت بەسترا، کە تیایدا وێڕای بانگهێشتکردنی وڵاتانی دراوسێی عێراق« تورکیا و ئێران و سوریا»، پێنج وڵاتە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش و جامیعەی عەرەبی و ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و هەندێ وڵاتی عەرەبیش بانگهێشتی کۆنگرەکە کرابوون.

بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، کۆنگرەکە بە مەبەستی وتوێژکردنی باری ئەمنیی عێراق و دانانی ڕادەیەک بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی ئەقلیمی و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی هاوبەش بۆ سەقامگیرکردنی ئارامیی عێراق ئەنجام درابوو.

هەروەها بۆنەیەکیش بوو بۆ لابردنی ئەو بەستە لۆکییەی کە لە نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا و حکومەتەکانی ئێران و سوریا دا هەیە.

هەر چەندە ئەمەی دوایییان بەپێی دیدارێکی باڵیوزی ئەمریکا لەگەڵ تەلەفزیۆنی «cnn»، ئەمریکی ڕەتکرایەوە کە گوایە هیچ پلانێکی ئەوتۆ لە کۆنگرەکە دا نەبوو کە دیدارێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرپرسە ئێرانییەکان ساز بدرێ، بەڵام هەر لەو دیدارەدا باڵیۆز ئاماژەی بەوە کرد کە وتوێژەکە دەربارەی ئەو چەکانە بوون کە بۆ کوشتنی سەربازە ئەمریکییەکان سوریا و ئێران دەیدەنە بەرهەڵستکارە عێراقییەکان.

خۆ قسەکانی سەرۆک بوش، بەر لە ئەنجامدانی کۆنگرە ئەقلیمیەکە و لە وتارێکیدا کە لەبەردەم ڕێکخراوی جەنگاوەرانی دێرینی ئەمریکا خوێند بوویەوە، ئاماژەی بە ڕاستیی ئەو وتوێژەی کردبوو و گوتبووی: ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتییە کە لە بارەی عێراقەوە دەبەسترێ تاقیکردنەوەیەکی جدییە بۆ ئێران و سوریا دەربارەی ئامادەباشییان بۆ یارمەتیدانی کەمبوونەوەی توندوتیژی لەم وڵاتەدا، هەروەها تاقیکردنەوەیەکیش دەبێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەتەوەیەک کە دەیەوێ لەگەڵ دراوسێکانیدا بە ئاشتی بژیت.

بەر لەوەی هیچ بیروبۆچونێک بخەینەڕوو سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو کۆنگرەیە هیچی بۆ عێراق دەستەبەرکرد، حەز دەکەم ئاماژە بە وتارێکی هێنری کیسنجەر بکەن کە ڕۆژی «٢٧»ی شوباتی ڕابردوو لە ڕۆژنامەی هیرالد تریبیون بڵاوی کردبوّوە کە تیایدا دەڵێ: ئێستا کاتی ئەوەهاتووە کە کار بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی بکرێ، بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەکی سیاسی بۆ ئەو شەڕەی کە لە عێراقدا دەکرێ.

کیسنجەر لەو وتارەیدا پێی وایە کە قۆناغی دبلۆماسی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی عێراق بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چونکە بەرای ئەو، ململانێیە ناوخۆییەکان وایان لەلایەنە دەرەکییەکان کردووە کە دەست لە کاروباری عێراق وەربدەن و کەسیش توانای بەرەنگار بوونەوەی ئەو ململانێیەی نییە ئەگەر هەندێ پرەنیسپ ئەو وڵاتانە بەیەک گرێ نەدات.

بە واتایەکی دیکە کیسنجەر لەو وتارەیدا پێی وابوو بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکەی عێراق، ناکرێ تەنیا پشت بە هێزی سەربازییەوە ببەسترێ، بەڵکو دەبێ دبلۆماسییەت بکرێتە بەشێکی ئەو پلانە ئەمریکییەی کە لە عێراقدا پەیڕەو دەکرێ، ئەویش بە بەشداریکردنی وڵاتانی ئەقلیمی لە دۆزینەوەی چارەسەرییەکی گونجاو بۆ ئەو تەنگژەیەی کەوا خەریکە چارەسەرکردنی لەلایەن خودی ئەمریکاوە زەحمەت بێت.

ئەو قسانەی کیسنجەر ڕێک ئێستا لەلایەن سەرۆک بوش و حکوومەتی عێراقییەوە پەیڕەو دەکرێ و کۆنگرەی بەغداش ئەنجامێکی دەرهاویشتەی وتارەکەی کیسنجەر و ڕاپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆنە کە ئەوانیش لەو ڕاپۆرتەیاندا پێشنیاری ئەوەیان کردبوو کە پێویستە ئەمریکا وتوێژ لەگەڵ سوریا و ئێراندا ئەنجام بدات و ڕۆڵێکیش بداتە تورکیا بۆ ڕاگرتنی ئەو بەڵانسەی کە ئەمەریکا لە ناوچەکەدا پێویستیەتی.

ئەو لێدوان و نووسینانەی کە تا ئێستا دەربارەی ئەو کۆنگرەیە بڵاوکراونەتەوە، گشتیان بە گەشبینییەوە سەیری ئەنجامەکەی دەکەن، هەتا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق د. نوری ئەلمالیکی، نەک هەر گەشبینە بەو ئەنجامە، بەڵکو لە گەشبینییەکەیدا دەگاتە ڕادەی وەهم.

ئەلمالیکی پێی وایە کە سوریا و ئێران هیچ شتێکیان بەرامبەر بە عێراق نییە، بەڵکو ئەوەی دەیکەن هەر بۆ دژایەتیکردنی ئەمەریکایە و تەنیا وەرەقەیەکی پاڵە پەستۆشیان لەدەست مابێ، وەرەقەی عێراقە و ئەوەی بەجدیش ئازاری عێراقییەکان دەدات پاشماوەی بەعسییەکان و مەزهەبەکانن، بۆیە ئەگەر ئەمەریکا توانی کێشەی خۆی لەگەڵ سوریا و ئێران بە ڕێگەیەکی سیاسی و دبلۆماسی چارەسەر بکات، ئەوا عێراق دەتوانێ ڕووبەڕووی ئەو بەعسی و تیرۆریست و توندڕەوانە ببێتەوە و دەشتوانێ قەناعەت بە سورییەکان و ئێرانییەکان و ئەمەریکاییەکان بێنێ کە ململانێی خۆیان لە عێراق دوور بخەنەوە. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە،



ئایا کێشەی عێراق تەنیا کێشەیەکی ئەقلیمییە تا ئەلمالیکی بێ و بلێ ئێمە دەتوانین وا بکەین ئەگەر ئەوان وایان کرد؟

وەڵام نەخێر، چونکە خودی ئەلمالیکی ئەوە باش دەزانێ کە بەشی هەرە زۆری ئەو کێشەیە لە ناو خودی عێراقییەکاندایە، ڕاستە ئەمریکا بەشێکی ئەو کێشەیەی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئەقلیمیدا «سوریا و ئێران» هێناویەتیە ناو عێراق، کە هەمیشە بە تەوەری شەڕانگێزی وەسفیان دەکات، بەڵام هەر ئەو عێراقییەش، بەتایبەتی هەردوو کابینەی جەعفەری و ئەلمالیکی هۆکاری سەرەکی بوون کەدەستی وڵاتانی ئەقلیمییان بۆ ناو عێراق پەلکێش کرد، بەتایبەتی ئێران، کە ئەویش لە مونتەڵەقێکی تایفییەوە بوو، هەرچی سوریاشە پەیوەندی بەو هەڵانەوە هەبوو کە ئەمەریکا، لە ناو عێراقدا کردی و رازی بوو حکوومەتێکی تایفی یەک لایەنە لەسەر حیسابی تایفەکی دیکە دروست ببێ، هەڵەکانی جەعفەری و ئەلمالیکییش لە هەڵەکانی ئەمەریکا کەمتر نەبوون، بەتایبەتی لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتە توندەی کە بەرامبەر بە سوننە مەزهەبەکان دەیانکرد، ئەلمالیکی هەڵەیەکی گەورە دەکات کە پێی وابێ کارەساتی عێراق تەنیا ئەقلیمیە و هەڵەی گەورەتریش دەکات کە پێی وابێ بە کۆنگرەیەکی وا، یان تەعدیلێکی وەزاری دەتوانێ چارەسەری تەنگژەکە بکات.

ئێستا گەورەترین مەترسی بۆ سەر عێراق بە نێودەوڵەتیکردنی کێشەکەیەتی، چونکە بەو بەنێودەوڵەتی کردنە عێراق سەروەریی خۆی لەدەست دەدات و وڵاتانی ئەقلیمیش زیاتر هاندەدات کە دەست لە کاروباری وەربدەن، وەک ئەوەی کە لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی ڕوویدا کە لە قاهیرەی پایتەختی میسر بەڕێوەچوو، کە تیایدا عەمر موسا ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبی داوای ڕاستکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی کردبوو.

گریمان سوریا و ئێران کاریگەرییان لە سەر عێراقدا هەیە، سوریا لەسەر سوننە توندڕەوەکان وئێرانیش لەسەر زۆربەی شیعە مەزهەبەکان، ئەوەی پێشبینی دەکرێ نەک لەو کۆنگرە ئاست نزمە، بەڵکو لەکۆنگرەی مانگی نیسانی داهاتوو کەلە سەر ئاستی وەزیران دەبەسترێت، سوریا و ئێران هەوڵی گرێدانی چەند سەفقەیەکی سیاسی بدەن کە پەیوەندییان هەبێت بە فایلی ئەتۆمی ئێران و حزبوللای لوبنانی و دەرچوونی سوریا لەو تەنگژە دبلۆماسییەی کە ئەمەریکا بەسەریدا سەپاندوویەتی.

لێردا نابێ بە هیچ شێوەیەک مەترسی تورکیا لەبیر بکەین، بەتایبەتی لەو ماوەیەدا کە خەریکە پەیوەندییەکی ئەقلیمیی پتە و لەگەڵ سوریا و ئێران دروست بکات، هەموومان ئێستا ئاگاداری ئەو تەنسیقە ئەقلیمییەین کە لە نێوان عێراق ئێراندا هەیە، کە ئەمەیش لەسەر حسابی ڕۆڵی ئەقلیمیی تورکیایە و خودی تورکیاش

**ئەلمالیکی پێی وایە کە سوریا و ئێران هیچ شتێکیان بەرامبەر بە عێراق نییە، بەڵکو ئەوەی دەیکەن هەر بۆ دژایەتیکردنی ئەمەریکایە و تەنیا وەرەقەیەکی پاڵە پەستۆشیان لەدەست مابێ، وەرەقەی عێراقە**

**هەردوو کابینەی جەعفەری و ئەلمالیکی هۆکاری سەرەکی بوون کەدەستی وڵاتانی ئەقلیمییان بۆ ناو عێراق پەلکێش کرد، بەتایبەتی ئێران، کە ئەویش لە مونتەڵەقێکی تایفییەوە بوو**

**ئێستا گەورەترین مەترسی بۆ سەر عێراق بە نێودەوڵەتیکردنی کێشەکەیەتی، چونکە بەو بەنێودەوڵەتیکردنە عێراق سەروەریی خۆی لەدەست دەدات و وڵاتانی ئەقلیمیش زیاتر هاندەدات کە دەست لە کاروباری وەربدەن**

هەست بە و مەترسییە دەکات، بۆیە ئێستا ئەویش ستراتیژییەتی خۆی بەرامبەر ئەو دوو دەوڵەتە گۆڕیوە و دەیەوێ وەک سوریا و ئێران ئەویش ڕۆڵی لە عێراقدا هەبێ یانیش هەر وەک خۆی دەڵێ: بەلایەنی کەم زامنی ئەوەبکات کە پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی عێراق لەسەر حیسابی ئەمنی نەتەوەیی ئەو نابێ، کە ئەمەیش وا نییە، چونکە تورکیا ئامانجی شاراوەی دیکەی هەیە کە ئەویش ڕێگرتنە لەو پێشهاتانە نەوەک ببنە هۆی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش هەموولایەک ئاگادارن کە هەر ئەو وڵاتە بوو بەرەی تورکمانی دامەزراند بۆ ئەوەی باری کەرکووکی پێ تێک بدات، یەکەم وڵاتیش بوو کە شەڕێکی دەروونی و سیخۆڕی دژ بە کورد ئەنجام دا، جارێک بەبیانوی خەمخۆری بۆ یەکێتی خاکی عێراق و جارێکیش بە بیانوی داواکردنی مافی تورکیا بەهۆی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە و جارێکی تریش بە بیانوی نیگەرانی لە دوا ڕۆژی تورکمان و هەرسێ بیانوەکەش هەر بۆ ئەوەیە کە گیروگرفت بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات، ئەگینا تورکیا و تورکمان کوجا مەرحەبا، بە کورتی مەبەست لەو کۆنگرەیە فرەوانی تۆپەکە بوو لە یاریگای وڵاتانی ئەقلیمی و خۆ دزینەوەی حکوومەتی ئەمەریکا و عێراق بوو لەوەی کە لەو وڵاتەدا ڕوودەدات.

کەواتە چارەسەر چییە؟ چارەسەر لەناو خودی عێراقییەکانە و جگە لەو دیدە ئەوا مەودایی چارەسەرییەکە درێژتر دەبێت و ململانێیەکەشی هەر بەردەوام دەبێت.

بۆ ئەنجامدانی ئەو چارەسەرییەش، پێویستە ئەمەریکا دەستپێشخەرییەکی جەریئانە بکات و پشت لە حکومەتی ئێستای ئەلمالکی بکات کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێ و لە جیاتی ئەو حکومەتێکی ئینتقالی پیشەیی دابمەزرێنێ، حکومەتێک دوور بێ لە تایفییەت و بتوانێ گشت پێکهاتەکانی عێراق لە دەوروبەری خۆیدا کۆ بکاتەوە.

مەبەستیش لێرە لەو پلانە بەدیلەیەکە رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا چەند جار ئاماژەی پێ کردووە و گوایە لە حاڵەتێکدا دەست بەو پلانە دەکرێ کە پلانە ئەمنییەکەی بەغدا سەرکەوتوو نەبێت.

سوریا خۆی بە بەعسییە عێراقییەکانەوە هەڵواسیوە کە دەکرێ ئەو مەسەلەیەش لەلایەن خودی عێراقییەکانەوە چارەسەر بکرێت. بەڕاستی شتێکی زۆر ناشیرینە لەو دیموکراتییەتەی کە عێراق بانگهێشتی بۆ دەکات دروشمی ریشەکێشکردنی بەعسی بەرز بکرێت. باوەڕ ناکەم توانای ئەوەی هەبێ حزبێکی مێژوویی وەک حزبی بەعس لە عێراق بە کوشتن و پاکتاوکردن و دوورخستنەوە هەڵبوەشێنێتەوە، بۆیە پێویستە بەعسییەکان لە سەدامییەکان جیا بکرێنەوە و بواری ئەوەیان پێ بدرێ حزبێکی نەتەوەیی و دیموکراتی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابمەزرێنن، دوور لە پاشکۆیەتی بۆ ئەم وڵاتە و ئەو وڵاتی عەرەبی و رێشیان پێ بدرێ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بکەن، مەبەستیشم لەو بەعسییانە ئەوانەن کە دەستیان بە خوێنی عێراقییەکانەوە تێکەڵ نەبووە.

سەبارەت بە کوردیش دەبێ ئازادییەکی تەواویان پێ بدرێ لە هەڵبژاردنی ئەو شێوازەی کە گەرەکیانە، هەتا ئەگەر بە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆش بێت.

ئا ئەمەیە چارەسەری ژیاری و مرۆیی کە پێویستە حکومەتێکی نیشتمانی ودیموکراتی پیادەی بکات، نەک گەمەکردنی بە چارەنووسی شارێکی کوردستانیی وەک کەرکووک و دواخستنی چل ڕۆژەی بڕیارەکانی لیژنەی باڵای ئاساییکردنەوەی باری ئەو شارە و تەگەرە دروست کردن لەبەردەم مادەی(١٤٠)دا کە بەخۆیان دەنگیان لەسەری داوە.

**پێویستە ئەمەریکا دەستپێشخەرییەکی جەریئانە بکات و پشت لە حکومەتی ئێستای ئەلمالکی بکات کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێ و لە جیاتی ئەو حکومەتێکی ئینتقالی پیشەیی دابمەزرێنێ، حکومەتێک دوور بێ لە تایفییەت و بتوانێ گشت پێکهاتەکانی عێراق لە دەوروبەری خۆیدا کۆ بکاتەوە**

**هەڵەکانی جەعفەری و ئەلمالیکییش لە هەڵەکانی ئەمەریکا کەمتر نەبوون، بەتایبەتی لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتە توندەی کە بەرامبەر بە سوننە مەزهەبەکان دەیانکرد، ئەلمالیکی هەڵەیەکی گەورە دەکات کە پێی وابێ کارەساتی عێراق تەنیا ئەقلیمیە و هەڵەی گەورەتریش دەکات کە پێی وابێ بە کۆنگرەیەکی وا، یان تەعدیلێکی وەزاری دەتوانێ چارەسەری تەنگژەکە بکات**